**بەناوی خوای بەخشندەوە میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ١٠**

**مێژووی بڕیار: ١٩/٩/١٩٩٩**

«بڕیار»

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩/٩/١٩٩٩ دا یاساکاری کردووە، ئەم بڕیارەمان دەرهێنا.

١ـ دانانی ڕۆژی (١٨)ی هەژدەی شوبات لە هەموو ساڵێکدا لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە ڕۆژی قوتابیان و لاوان.

٢ـ وەزیرە تایبەتمەندەکان لەسەریانە ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

٣ـ ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرهێنانیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیشدا بڵاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**هۆیە پێویستەکان**

لەبەر ڕۆڵی بەرچاوی قوتابیان و لاوان لە بزاڤی ئازادی خوازانەی کوردیداو، خەباتی بەردەوامیان بۆ هێنانەدی ئاماجەکانی گەلی کوردمان و ڕێز لێنان لە خەباتیان و هاندانیان بۆ پێشکەش کردنی بەخششی زیاتر، ڕۆژی «١٨»ی شوبات لە هەموو ساڵێکدا بە ڕۆژی قوتابیان و لاوان دادەندرێ لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا.